# ئەمەریکا: دیموکراسی و ئازادی یا ڕیالپۆلیتیك و بەرژەوەندی؟

**شاخەوان شۆڕش**

دوای ڕاگەیاندنی جەنگ دژی تیرۆر, ئەمەریکا بانگاشەی پرۆگرامێکی تایبەتی سەبارەت بە گۆران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەگشتی و ئێراق بەتایبەتی دەستپێکرد. لەو ڕۆژەوە بانگاشەی دیموکراتیزەکردن و ئازادی بەگەرمی لە ووتەکانی جۆرج بۆش, پاول و ئەوانی تر ئاماژەیان بۆ دەکرێت. ئەوان پێیانوایە دیموکراتیزەکردنی ناوچەکە و بوونی ئازادی لە وڵاتانی ئیسلامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا, باشترین ڕێگاچارەی لاوازکردن یا بنبڕکردنی دیاردەی تیرۆریزم و هەڕەشەی دژە ڕۆژئاوایە. ئەوان ئێستاش هەر لەو ئاوازە دەخوێنن. گومان لەوەدا نییە کە دیموکراتیزەکردن و بوونی ئازادی قازانجی بێ یەکودووی هەموو هەوادارانی ئازادییە بەتایبەتی نەتەوەی کورد. بەڵام ئەگەر لەڕوانگەی کێشەی کوردەوە بڕوانینە ئەم ڕەوتەی ئەمەریکا, ئەوا بەڵگە زۆرن کەدەتوانن گومان بخەنە سەر نیاز و ڕاستگۆیی ئەمەریکا سەبارەت بە دیموکراتیزەکردن و ئازادی لە ناوچەکەدا. ناڵێم ئەمەریکا هیچی بۆ کورد نەکردووە, بەڵام ئەوەی ئەمەریکا کردوویەتی لەچوارچێوەی پلانی دارێژراوی تایبەت و بەرژەوەندیەکانی خۆی تێناپەڕێ. بەو واتایە ئەگەر ئەمەریکا مەبەستی درێژەدان بە شێوەی پەیوەندیەکان لەسەر پێکهاتەکەی تائێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت, ئەوا ئەمەریکا لە ئۆتۆنۆمی یا فیدرالیەکی سنوردار زیاتر بۆ کورد پشتگیری ناکات.

ئەو هەنگاوانەی ئەمەریکا, هەر لە دەستپێکی هاتنی بۆ ئێراق و تا ئێستا ناویەتی هەمووی ئاماژە بەوە دەکەن, کەوا ئەمەریکا لەسەر ڕیالپۆلیتیکی پێشووی خۆی بەردەوامە و بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی خۆی لەسەروی هەموو شتێکی دیکەدا دادەنێت. ئەمەریکا هەڵسوکەوتەکەی و تێڕوانینەکەی بۆ ناوچەکە زۆر واپێدەچێ درێژەدانە بەو نۆرمە ڕامیاری و کۆنسێپتەی کە ئینگلیز و فەرەنسیەکان لەسەرەتای بیستەکان لە ناوچەکەدا دایان سەپاند. هەڵسوکەوتی ئەمەریکا تائێستا وابووە و لەگۆتە فەرمیەکانیاندا ئەوەیان چەندبارە کردۆتەوە.

سترەکتوری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە لەلایەنی دەسەڵاتدارانی ئیمپریالیزمی ئەوسا داسەپێندرا, بووەهۆی ئەوەی وڵاتانی ناوچەکە, وڵاتانی جیهانی و زلهێزەکان هەموو پلان و بەرژەوەندیەکانی خۆیان لەسەر بنچینەی ئەو پێکهاتەیە دابڕێژن و تێگەیشتنێکی تایبەت بەو پێکهاتەیە پێکبهێنن. بەمشێوەیە ئەوە بووەهۆی ئەوەی هەموویان وابەستەی ئەو نۆرم و کۆنسێپتە پێکهاتووە بن و هەوڵی پاراستنی ئەو پێکهاتەیە بدەن و گوێ نەدەنە چەوساندنەوە و ژێردەستەیی نەتەوە ژێردەستەکانی ناو ستاتەکانی ناوچەکە, بەتایبەتی کورد کە وەکو کێشەیەکی ناوخۆیی ئەو وڵاتانە داندرا و بەپێی چارتەر و پرەنسیپی سەرداری ستات و دەست تێوەرنەدان ئەو وڵاتانە لە چۆنیەتی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ نەتەوە ژێردەستەکان سەرپشک کران. ئیتر ئەوان بەرژەوەندیە ئابوری و ڕامیاریەکانیان لەسەر ئەم بنچینەیە دارشتراو و تێکچوونی هەر بەردێکی بناغەی ئەو سترەکتورە کەموزۆر زیانە بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەوان بەیەکەوە. دیارە وڵاتانی داگیرکەری ناوچەکە هەموو هەوڵیان لەو ڕۆژەوە بۆ پاراستنی باری ستاتوس کۆیە و کۆسپ دەخەنە بەردەم هەر گۆڕانێ کە ئەم باری ستاتوس کۆیە (هێشتنەوەی بار لەشێوەی خۆی) بلەقێنێ. لەبەرئەوەی کێشەی کورد بە چار ستاتی دەسەلاتداری ناوچەکە پەیوەستدارە و ئازادی کورد لە هەر پارچەیەک دەکرێ ببێتە هۆی "نائارامی" ناوچەکە (پێویستە ئەوەبڵێین کە لەلایەک ئەوە مەرج نییە وابێت, لەلایەکی تر بەم پێوەرە بوایە دەبوایە زۆر ستات نەتوانن دروست بن), ئەمە وایکردووە ئەو وڵاتانە هەموویان زیاتر بکەونە پاراستنی پێکهاتەی ناوچەکە وەکو خۆی و دژی هەر گۆڕانێک بوەستن کە هەڕەشە لەو بار و پێکهاتە بەزۆر داسەپێندارەوە بکات. دیارە ئەوە لە چارتەر و بڕیارەکانی یوئێن و ڕێکەوتنە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکاندا بە ڕاشکاوی پشتگیری هەیە. بەکورتی پەیوەندیەکانی وڵاتانی ناوچەکە و جیهان لەسەر ئەو پێکهاتە و سترەکتورە لە ناو چوارچێوەی سیستەمی ستاتەکان ڕێکخراوە و بە گەلێ یاسا و ڕێکەوتن بەیەکەوە گرێدراوە. هەر گۆڕانێک لەو یاسا و بڕیارانە هەموو لایەنە پەیوەستدارەکان دێنێتە ناوەوە. لەبیرمان نەچێت سیستەمی ستاتەکان کە گوزارشت لە پەیوەندی و ڕێکەوتنەکانی وڵاتانی جیهانی دەکات, لەلایەن ستاتەکان خۆیان

داڕشتراوە, بۆیە سەیر نییە کە ڕەنگ لە بەرژەوەندی تەنهای ئەوان خۆیان دەداتەوە و کەمینە و نەتەوە ژێردەستەکان بەهەند دانەندراون و وەکو ئەندامی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی شوێنیان نییە.

ئەمەریکا هەر لەیەکەم ڕۆژی هاتنی بۆ ئێراق بانگاشەی پاراستنی یەکێتی خاکی ئێراق دەکات و گەلێجار دژایەتی خۆی بەرامبەر پارچەکردنی ئێراق ڕاشکاوانە دەربڕیووە. ئەمە گفتێکە بەرلەهاتنی بۆ ئێراق بە وڵاتانی داکیرکەر و زلهێزەکانی داوە. ئەمەریکا ئەوەی تورکیا لێی دەویست, ئەوەی زلهێزەکان لێیان دەویست سەبارەت بە یکگرتووهێشتنەوەی ئێراق ئاوا جوڵایەوە. ئەمەریکا جگە لەوەی ناشارەزایانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کێشەکانی ناو ئێراق کرد, ئەوە لەلایەک بە ناردنی خەڵکی ناشەرەزا و ناشیاو بۆ ئێراق, وەکو بۆ نمونە پۆل بریمەر کە زۆر کەمی سەبارەت بە ئێراق و کورد دەزانی, لەلایەک لێکدانەوەی کێشەکان بەچەوتی, بۆ نمونە بۆش دان بەوەدا دەنێت کە ئەو وا لە ئێراق نەگەیشتبوو و چاوەڕوانی ئەو هەموو کێشەیەی نەدەکرد[1]. ئەمەریکا هەرگیز نەیدەویست کورد بکاتە هاوپەیمانی جەنگ ئەگەر تورکیا هاوکاری بکردایە, چونکە ئەو پلانەکەی زیاتر لەبەر ڕۆشنایی پاراستنی پەیوەندیەکان و سترەکتوری ناوچەکە و یەکێتی خاکی ئێراق داڕشتبوو. بەشداریکردنی کورد واتای مەترسی پەیداکردن لەسەر ئەوانە بوو. دیارە ئەمەریکا زۆر خۆپەرستانە یارمەتی لە کورد وەرگرت, بەڵام وازی لەپلانەکەی پێشووی نەهێنا و بەهەمان شێوەش وازی لە تورکیای دۆستی نەهێنا و بەرژەوەندیەکانی تورکیا نرخیان لای ئەمەریکا بەشێوەیێ لەشێوەکان هەر ما. بۆ نمونە, پۆل بریمەر و کۆڵن پاوڵ بەڵێنیان بەتورکیادا کەوا سنور بۆ دەسەڵاتی کوردەکان دادەنێن و ئەو سەربەخۆییەی کورد لە باشوری کوردستان ناهێڵن[2]. ئاشکرایە ئەوان لە ڕێکەوتنەکەی 15 ی نۆڤێمبەری 2003 و پاشان دەستوری کاتی لە 8ی مارسدا, ئەوەیان بەدیهێنا. کاربەدەستانی کورد گەلێ لە دەسەڵاتەکانیان دایە بەغدا, سەرداریێتی ئێراقیان پەسند کرد و بە جۆرە خۆبەڕێوەبردنێکی ناوچەیی ڕازی بوون. دیارە ناحەزان و دوژمنانی کورد بەو کەمە مافەش زۆر قەڵس بوون, بۆیە ئەوان کەوتنە پلانگێڕان. بە دەرکەوتنی ئەخزەر براهیمی نەتەوەپەرست و سیستانی ئیسلامیست, بەرەی دژە کورد تەواو دەسەڵاتی لە گۆڕەپانی ڕامیاری ئێراق پەیداکرد و ئەمەریکاش پشتگیری خۆی بۆ ڕاگەیاندن. ئەمەریکا زۆر چاک لەوە دەگا کە خەڵکی کوردستان مافی ڕەوای خۆیانە خاوەنی ستاتی خۆیان بن و خۆیان چارەنوسی خۆیان دیار بکەن, ئەمەریکا دەزانێ ئەو مافە تەواو لەگەڵ دیموکراتیزەکردن, مافەکانی مرۆڤ و ئازادی گونجاوە. بەڵام دیارە ئەمەریکا نایەوێ لە ڕوانگەیەکی مۆرالانەی ڕەواوە سەیری ناوچەکە و کێشەکانی بکات. بەهەمان شێوە ئەمەریکا نایەوێ دیموکراسیەت و ئازادیی گەلانی ناوچەکە بگاتە ڕادەی چارەی خۆنوسین. ئەوان وەکو هەمیشە ڕیالیستانە (مەبەست لەبەر ڕۆشنایی ڕێچەکەی ریالیزمەوە) دەڕواننە کێشەکان. ئەمەریکا مەبەستیەتی یەکێتی خاکی ئێراق بپارێزێ و هەوڵی سەقامگیری ئاسایش و ئارامی لەسەر بنچینەی سترەکتوری 80 ساڵەی ناوچەکە دەدات. ئەوان کە دەبینن براهیمی و سیستانی یا عەلاوی و پاچەچی لەچوارچێوەی ئەو مەبەستەدا دەجولێنەوە, یەکودوو لە پشتگیری ئەوان ناکەن. چونکە بەرژەوەندی ئەمەریکا لە ئاسایش و ئارامی و ڕێکراگری ئێراق و ناوچەکە لەسەر هەمان بنچینەی پێشوودا دایە. لەم ڕوانگەیەوە ئەمەریکا کێشەی کورد لەهەر پارچەیەکی داگیرکراوی کوردستان بە کێشەیەکی ناوخۆی ئەو وڵاتانە دەزانێ و پێشی وانییە مانەوەی ئەو کێشە ناوخۆییانە دەبنەهۆی نائارامی ناوچەکە و جیهان. هەروەکو لەماوەی 80 ساڵی ڕابردوودا وا سەیری کراوە. ئەوەی دەیبینین جگە لە کەمێ گۆڕان هێما بۆ ئەو دیاردەیە دەکەن. ئەمەریکا تا ئێستا بەجودا و بە تایبەت ئاماژەی بەکێشەی کورد نەداوە و هەمیشە وەکو کێشەیەک لە کێشەکانی دیکەی ناو ئێراق سەیری کردووە. دیارە دوای جەنگی سارد و لەگەڵ هاتنی سیستەمی نوێی جیهانی چەمکەکانی وەکو ئازادی, دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ زیاتر قورساییان پەیدا کرد و شوێنیان لە ئەگێندەی جیهانیدا پێدرا. بەڵام ئەو مافانە هەندێ شوێنیان (وەکو

[1] Bush erkender amerikanske fejl i Irak, Politiken, www.politiken.dk Lørdag 28. aug 2004

[2] Paul Bremer’s Interview with Asharq Al-Awsat 31 January 2004.KurdistanObserver.com.

US Again Assures Wary Turks on Iraqi Kurds, WASHINGTON, Jan 29 .KurdistanObserver.com

وڵاتانی کۆنە سۆسیالیست) گرتەوە، هەندێ شوێنی دیکەی کەمتر گرتەوە و لە هەندێ شوێنیشدا تائێستا بوونیان نییە. ئەوە لەلایەک بە بەرژەوەندی زلهێزەکانەوە لەناوچە جیاجیاکانی جیهاندا بەندە، لەلایەکی دیکە بە هەوڵ و توانای کەمینە و نەتەوە ژێردەستەکان لە شوێنە جیاوازەکاندا بەندە.

بەرزڕاگرتنی ئاسایش و ڕێکڕاگری لەهەمان کاتدا بەلاوەنانی دیموکراسیەت و ئازادی لە ئێراق و ناوچەکەدا لای ئەمەریکاییەکان لەگەڵ بڕیاری **1546**ی ئەنجومەنی ئاسایشی یوئێن، باشتر کەوتەبەرچاو. بەهۆی بوونی ئاژاوە و زیادبوونی کاری تیرۆریستانە لە ئێراقدا، هەوڵدان بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایشی ئێراق بەهەر نرخێک جێگای هەموو هەوڵێکی دیکەی گرتەوە. ئەمەریکا جەنگەکەی دژی تیرۆرە و بانگاشەی سەرکەوتن لە جەنگەکەیدا دەکات، بەڵام زیادبوونی کاری تیرۆریستی بەتایبەتی لە ئێراقدا و کوژرانی زیاتری سەربازانی ئەمەریکایی هێما بۆ سەرکەوتن ناکەن، بەڵکو هێما بۆ زیادبوونی دیاردەی تیرۆر دەکەن. بۆیە ئەمەریکا هەوڵ دەدات ئەو وێنەیە بە جۆرێ وەرگێڕێتەوە کە لەگەڵ پەیامەکەیدا گونجاوە، ئەوەش واپێویست دەکات کەوا ڕێکڕاگری و ئاسایش لەهەموو ئەمانجێکی هەنوکەیی بەرزتر ڕابگیرێن. دیارە سەرکەوتنی ئەمەریکا لەمسۆگەرکردنی ئاسایش لە ئێراقدا، زۆر گرنگ و پێویستە بۆ ئەگەری هەڵبژاردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی بۆش کە ئێستا لەبەردەم هەڵبژاردنێکی نوێدان. ئەوە جگەلەوەی بوونی ئاسایش و ئارامی، لەسەر بنچینەی کۆنسێپت و پێکهاتەی پێشووی ناوچەکە هۆکارێکی گرنگە بۆ پەیداکردنی پشتگیری کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ناوچەکە. ئەوانە وەکو فاکتەری سەرەکی و فاکتەری دیکە بەئەگەری زۆر وایانکرد ئەمەریکا هەوڵی پێشنیارێکی وەکو بڕیارەکەی **1546**[3] بدات. لەبڕیارەکەدا گرنگی بە سەروەری و یەکێتی ئێراق دەدرێت، گرنگی بە ئاسایش و ڕێکڕاگری دەدرێت و پشتگیری خۆی بۆ حکومەتی کاتی ئێراق و گواستنەوە بۆ حکومەتێکی هەڵبژێردراوی خاوەن دەستور لە **31**ی دیسەمبەری **2005** ڕادەگەیەنێ. ئەوەی لای ئەنجومەنی ئاسایشی یوئێن گرنگە ئەوەیە، ئێراق وەکو ستات دروستکرێتەوە و ببێتەوە خاوەن حکومەتێکی هەڵبژێردراو و دەستور، کێشەی کورد لای ئەوان ئەو گرنگیەی نییە، هەروەکو لە بڕیارەکەدا ئاماژەیان بۆی نەکرد. شایانی باسکردنە، لەگەڵ گەڕاندنەوەی سەروەری بۆ ئێراق و بڕیاری **1546**، هەموو ئەو ڕێکەوتنانەی کە لەکاتی بوونی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی وەکو دەسەڵاتێکی داگیرکەر مۆرکراون یا داڕشتراون، بەفەرمی هەڵوەشانەوە و لەکار کەوتن[4]. دەکرا ئەو بڕیار و ڕێکەوتنانە گەڕیان بمێنێت، گەر لە بڕیارەکەدا ئاماژەیان بۆ کرابا. جێگای هێما بۆکردنە، ڕێکەوتنی دەستورە کاتیەکەی کە لە **8**ی مارسدا مۆرکرا ئەویش بەهەمان شێوە لەکار دەکەوێت. واتە هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ دیموکراتیزەکردن و مافەکانی مرۆڤ و ئازادی درابوون و بەشێوەیەک لەشێوەکان لەدەستورەکاتیەکەدا ناویان هێنرابوو، ئەوجا باش یا خراپ هەڵوەشانەوە. دیارە بڕیاری **1546** وەکو بڕیار لەگەڵ تەواوبوونی پرۆسە ڕامیاریەکەی لە بڕیارەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە (کە بە پەسندکردنی دەستوری هەمیشەیی و هەڵبژاردنی حکومەت کۆتایی دێت)، ئەویش لەکار دەکەوێت. ئەوەی بەکێشەی کوردەوە پەیوەستدارە ئەوا سەرۆکی کاتی ئێراق ئەیاد عەلاوی بە سەرانی کوردی گوتووە کەوا ئەوان وابەستەی ڕێکەوتنەکەی دەستوری کاتین، هەروەها ئەمەریکاییەکانیش گوتوویانە ئەوان پشت لە کورد ناکەن. بەڵام لەلایەک ئەوانە لە گۆتەی زارەکی زیاتر چیتر نین و ئاسان نییە بڕوایان پێبکرێت، دیارە لەدواڕۆژێکی نزیکدا مەبەستی ڕاستەقینەی هەموولایەک ئاشکرا دەبێت، جگەلەوەی حکومەتەکەی عەلاوی کاتیە و کەس نازانێ دوای ئەو چی ڕوودەدات. لەلایەکی تر ئەو بەڵێنانە ڕوونکردنەوەیەکی کۆنکریتی دیاریان لەگەڵدا نییە و نازانرێ ئەوانە تا چ ڕادەیەک ئازادی کوردانیان پێ ڕەوایە. لەڕاستیدا ڕێزگرتن لە دەستوری کاتی یا خاڵ و بڕگەکانی ئەو دەستورە، جێگای گومان لێکردنە. بۆ نمونە ئەو خاڵەی بە وەکویەکی زمانی عارەبی و کوردیەوە بەندە، لە کۆنگرەی دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتیمانی پەیڕەو نەکراو زمانی عارەبی زمانی کۆنگرەکە بوو. کوردەکانیش بە عارەبی دوان و کەسیش گلەیی لەم بارەیەوە نەبوو. ئەو خاڵەی ئاماژە بە وەکویەکی هەردوو زمانی عارەبی و کوردی دەکات، خاڵێکە سەرانی کورد زۆر لایان گرنگە، بەڵام ئەوان خۆیان پەیڕەویان نەکرد یا هەوڵیان بۆ جێبەجێکردنی نەدا. ئەوجا وەکو د. ڕێبوار لە وتارێکدا دەڵێ: "سەرانی کورد هەڕەشەیان لە بۆش کرد بەوەی

---

[3] Resolution 1546, UN’s Press Release, SC/8117, 08/06/2004: www.globalpolicy.org

[4] The Bungled Transition, By Peter Galbraith, September 3, 2004. Kurdistanobserver.com

کەوا ئاماژە بەدەستوری کاتی نەکراوە, کەچی ئێستا ئەوان خۆیان پێشێلی ئەو ڕێکەوتنە دەکەن"[5]. دیارە ئەو خاڵە و گەلێکی دیکەش قورسایەکی ئەوتۆیان تا ئێستا نییە و ناشزانرێ لە داهاتوودا چارەنوسیان بەچی دەگات. شایانی گوتنە دژایەتیکردنی ئایەتوڵای خاوەن دەسەڵاتی شیعە عەلی سیستانی بۆ دەستوری کاتی, بەهەمان شێوە گومان لەسەر ڕێزگرتنی ڕێکەوتنەکانی دەستورەکە پەیدا دەکات و ئاماژە بە داهاتوویەکی ڕۆشن ناکات. ئەوەی لێرەدا گرنگە جەختی لەسەر بکرێتەوە ئەوەیە, ئەمەریکا پەسندی ئەوەیکرد کە ئاماژە بە دەستورە کاتیەکە یا بەواتایەکی دیکە ڕێکەوتنەکانی سەبارەت بە دیموکراتیزەکردن, مافەکانی مرۆڤ و مافی کوردان لە بڕیارەکەدا نەکرێت.

بڕیارەکە تەواو لەگەڵ ئەو تێگەیشتن و کۆنسێپتەی کە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە لەناوچەکەدا لەئارایە گونجاوە, بەم واتایە بڕیارەکە ئاسایش و ڕێکراگری ناوچەکە و پاراستنی پێکهاتەی ناوچەکە و بەمشێوەیە باری ستاتوس کۆ بەرز ڕادەگرێت. بڕیارەکە ئاماژە بەکێشە ناوخۆییەکان یا مافی کەمە نەتەوەکانی ئێراق بەتایبەتی کورد ناکات, ئەمەش وەکو پێشوو دان نەنانە بە مافی ناسیۆنی کورد و بوونی وەکو ئەکتەر و ئەندامێکی خاوەن مافی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی. بەمجۆرە کورد ئێستاش لەسەر ئاستی پەیوەندیە نێونەتەوەیە فەرمیەکاندا و لە کۆمەڵگەی جیهانیدا ئەکتەرێکی دان پێنەنراوە.

ئەوەی بەڕۆلی کوردەوە پەیوەستدارە, ئەگەر وا دابنێین سەرانی کورد بۆ ئەوە تێدەکۆشن کەوا کورد ببێتە ناسیۆنێکی سەربەخۆ, بەمجۆرە ئەکتەرێکی دانپێنراو و ئەندامی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی, ئەوا ئەوان نەیانتوانی و سەرکەوتوو نەبوون لە گۆڕینی ئەو تێگەیشتنەی کە سەبارەت بە ناوچەکە بەگشتی و مافی کورد بەتایبەتی هەیە. ئەوان نەیانتوانی کارێ بکەن ئەو کۆنسێپت و نۆرمە ڕامیاریەی کە **80** ساڵە و تا ئێستا لەناوچەکەدا ڕۆڵی هەیە و نارەوا پارێزگاری کراون, بگۆڕن و وابکەن هەڵوێستی وڵاتانی جیهان و زلهێزەکان بەرامبەر بە کێشەی کورد گۆڕانی بەسەردا بێت. ئاماژە نەکردن بە مافی کورد لە بڕیاری **1546**دا هێما بۆ ئەو ڕاستیە دەکات. بەڵام ئەگەر سەرانی کورد تەنها گەرەکیانە مافی خۆبەڕێوەبردنێکی ناوچەیی بەدەست بێنن و لە ناو چوارچێوەی ئێراق دانیان پێدابنرێت, ئەوا تائێستا دیار نییە سنوری ئازادیی کورد لە چوارچێوەی ئێراقدا لەکوێیە و دیارە نازانرێ لایەنی بەرامبەر تا چەند بڕوای بەمافی کورد و چ جۆرە فیدرالیەک هەیە. ئەو ڕێکەوتنەی لە دەستورە کاتیەکەدا مۆرکراوە, دان بە مافی خۆبەڕێوەبردن لەژێر ناوی فیدارلی دادەنێت, بەڵام کۆمەڵێ کێشە بە هەڵواسراوی ماونەتەوە و ئاییندەیان ڕوون نییە, بۆیەش نازانرێ چارەسەرەکان ئەگەر بێن چۆن دەبن و چارەنوسی ڕامیاری کورد لە باشوری کوردستان بەچی دەگات. بەکورتی ئەو ئازادییە کەمەی بە کورد ڕەوا بینراوە, ئازادیەکە سنوری بەرژەوەندیەکانی وڵاتانی پەیوەستدار بەناوچەکە نابەزێنێ و پێشتریش لە ڕێکەوتنی دیکەدا, ئاماژە بە مافی خۆبەڕێوەبردنی کوردان کراوە, بەڵام وەکو بینرا کەس وابەستەی نەبوو و چاوپۆشیش لە پۆلیتیکی تواندنەوەی کورد کرا. بەهەمان شێوە مافی خۆبەڕێوەبردنی ناوچەیی گۆڕانێک بەسەر سترەکتوری ناوچەکە یا کۆنسێپتە باوەکە ناهێنێت. ئەو پێکهاتە و کۆنسێپتە نکۆڵی لە بوونی کەسایەتی کورد دەکات و نایەوێ دان بە کەسایەتی ناسیۆنی کورد وەکو کەسایەتیەکی سەربەخۆ بنێت. شایانی گوتنە سەقامگیربوونی مافی خۆبەڕێوەبردنی کورد دەتوانێ کاریگەریەکی سنوردار بخاتە سەر تێگەیشتنە کلاسیکیەکە و ئەو کۆنسێپتەی کە لە ئارادایە, بۆیە ئەمە دەکرێ ڕێگاخۆشکەر بێت بۆ گۆڕینی سترەکتوور و کۆنسێپتە سەپێندراوەکە, دیارە ئەمە تەنها کاتێک دەکرێت کە ئازادی کوردان فراوان بکرێت و مافی بڕیاری چارەنوس بەردەمی واڵا بکرێت. بەڵام وەکو پێشتر گوترا گەلێ لایەن هەن بە تایبەتی داگیرکەرانی کوردستان, بەرژەوەندیان لە باری ستاتوس کۆ دایە و نایانەوێ گۆڕان لەم باریەوە ببێت, بۆیە لە هەوڵی دژانەی خۆیان بەردەوام دەبن و هەوڵ دەدەن ڕێگا لە فراوان بوونی ئازادی کورد بەهەر ڕێگاو هۆکارێک بێت بگرن. بەکورتی ئازادی تەواوی کورد واتە پێکهێنانی کەسایەتیەکی سەربەخۆ بۆ کورد لە چوارچێوەی ئەو کۆنسێپت و سترەکتوورەی ئێستادا هەرگیز نایەتەدی, ئەوە تەنها کاتێت دەبێت, ئەو تێگەیشتن و کۆنسێپتە نارەوا و داسەپێندراوەی

---

[5] The first session of the Iraqi Transition Council breaches the Transitional Law of Administration, 09 September 2004, KurdishMedia.com - By Dr Rebwar Fatah

پێشوو بشکێندرێت و ببەزێندرێت کە وابکات سترەکتوور و پێکهاتەی ناوچەکە بگۆڕێت یا بەپێچەوانەوە. واتە دەبێ هەوڵ بۆ بەزاندنی کۆنسێپتی نکۆڵیکردنەکە بدرێت و لە شوێنیدا کۆنسێپتی دانپێنان و نکۆڵی نەکردن جێی بگرێتەوە. ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی یا دەکرێ بڵێین تەنها بە توانا و هەوڵی کورد خۆیەوە بەندە.

دیارە بەرزبوونەوەی ئاستی ئاژاوە و کاری تیرۆری گەلێ پرسیاری گومانئامێزیان هێنایەگۆڕێ و ئەگەرەکانی دواڕۆژی ئێراق لێرەولەوێ باسیان دەکرێت, بەڵام تاکو ئەمەریکا وابەستەی پۆلیتیکی پاراستنی یەکگرتوویی ئێراق بێت, ئەوا پشتگیری گۆڕانی پێکهاتەی ناوچەکە ناکات و بەمجۆرە هەوڵی پاراستنی کۆنسێپتە دژە کوردەکە دەدات. دیارە ئەوە ڕێگا لەئەمەریکا ناگرێت پشتگیری ئازادیەکی سنوردار بۆ کوردان لە باشور لە چوارچێوەی ئێراقدا بکات. ئەمەریکا هەنگاو لەدوای هەنگاو ئەوە دەسەلمێنێ, کەوا وابەستەی تێگەیشتنێکی ڕیالیستانەیە و ئاسایش و ڕێکراگری لە ئێراقدا لەسەروی دیموکراتیزەکردن و مافەکانی مرۆڤ دادەنێت. ئەمەریکا سەقامگیری ئاسایشی ئێراق لەسەرووی هەموو ئەرکێکی دیکەی هەنوکەیی دادەنێت, بەو واتایە ئەمەریکا لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی خۆیدا هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشەکاندا دەکات و سەقامگیرکردنی ئاسایش ئامانجی هەنوکەیی ئەوانە. ئەوەی بە پەیامی دیموکراتیزەکردن و ئازادیەوە پەیوەستدارە, ئەوا ڕادەی پشتگیری ئەمەریکا بۆ دیموکراتیزەکردن و ئازادی لە ئێراقدا بە بەرژەوەندیەکانی خۆیەوە پەیوەستدارە, دیارە ئەوەش دیاردەیەکی نوێ نییە.

دانیمارک2004.9.11